# سەدو بیست و دوو بەهار بە شوێن مارکسدا !

## رزگار عومەر



ئەمڕۆ ، سەدو بیست و دوو بەهار بە سەر مەرگی مارکسدا تێدەپەڕێ ، مەرگی مارکس برینێك بوو لەو سەردەمەدا ، كە تەواوی بزوتنەوەی كرێكاری خستە حەسرەتێكەوە ، ئەم حەسرەتە لە زمانی سەرەكەی تری ماركسیزم ( ئەنگلس ) دەردەكەوێ لەو نووسینەی كە بۆ مەرگی هاوڕێ و هاوخەباتەكەی خۆی نووسی ، بەڵام مردنی مارکس و دڵتەنگیەك كە بە هۆی ئەو ماڵئاواییە دروست بوو ، هەرگیز وەكو شین و شیوەن و لە دەست چوونی گەورە پیاوان وپێغەمبەران نەبوو ، چونكە ماركس هەتا لە مردنەكەشیدا دەیان كاری بە جێ هێشتبوو كە دەبووایە تەواو بكرێ ، بۆیە ئەنگڵس بۆی نەدەكرا ڕۆژانە بە چەپكێ گوڵەوە بە دیار قەبرەكەی ماركس تازیە بار بێ و بتلێتەوە ، دڵسۆزانە هەتا مردنی خۆشی لە دەستنوسی درێژەوە بگرە تا كورتە نامەو نوكە قەڵەمی سەر ئەم كاغەزو ئەو لاپەڕی ماركسی كۆدەكردەوە .

ماركس فەیلەسوفێكی نورانی نەبوو ، ماركس ئابووری زانێكی مەعاش خۆری بیانووە تیۆریەكانی هیچ ڕژێمێكی سیاسی نەبوو ، ماركس سیاسەت مەدارێكی پشتی دیكۆرۆ ڕەونەق سازی نەبوو ، ئەو بەو رادەیە تاوتۆی بە فەلسەفە كرد كە لە عەرشی خەیاڵ دایگرت و كردی بە چەكێك بۆ متمانە بە خۆبوون لە گۆڕینی دونیا و دروست كردنی سبەینێدا ، ئەو كە زانستیانە دەستی بۆ زانستی ئابووری برد ، هەموو پایە فیكریەكانی زانستی ئابووری سەرمایەداری ژێرو ژور كردو كتێبی (سەرمایەش ) بووە ئاڵای شەكاوەی ئەم سەركەوتنە

فیکریە ، مارکس لەو دەرگایەوە پەیوەندی بە سیاسەتەوە دەست پێ کرد ، کە یەکەم شەڕی لە گەڵ ناتەبایی نێوان بیری ئازادی بە گشتی و بیری پەرلەمەنتاری چینی دەسەڵاتداری دەست پێ کردو بردیەوە ، دووەم شەڕی سەرکەوتنی ئەو بوو لە کۆکردنەوەی باڵە سەرەکیەکانی نێو بزوتنەوەی چینی کرێکار لە ژێر یەك پلاتفۆرمی سیاسی لە ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەمدا ، هەر لە درێژەی ئەم کارەشدا توانی ناتەبایی نێوان شێوە کاری هەندێ لەو باڵانە و نامۆ بوونیان بە بەرژوەندی چینی کرێکار لێك جیا بکاتەوە .

میراتی فیکری و شارستانی مرۆڤایەتی لە نوتفەوە تا ئەمڕۆ ، پڕە لەو ناوانەی کە هەریەکەیان خەرمانێکی خستۆتە سەر ئەم میراتە ، جیاوازی مارکس لە گەڵ هەموو ئەوانی تر تەنیا لە جیاواز بوونی مارکسەوە دەست پێ ناکا ، لە جیاوازی مامەڵەی ئەو سیستەمەوە دەست پێ دەکا کە ئەمڕۆ دونیا بەڕێوە دەبا ، ئەم سیستەمە هەموو ڕۆژێ بە ساختەو تێۆرسازی ، بە کۆدەتای سەربازی و سەرکوتی خوێناوی ، دەیەوێ لە بەڵای مارکس و فەلسەفەکەی ڕەها بێت و بێ سەر ئێشە ئاشی ( کارو سەرمایە ) بچێتە پێشەوە ، کەچی شەبەحی مارکس یان هەر شنەیەکی سادە لە بیری سۆشیالیزم ، لە سیاتڵ ، لە هەڵبژاردنی کوێرە دێیەکی هیندستان ، لە سلێمانی ، لە ئەرژەنتین ، بێ پەروا دێ و دەچێ و هەر جارەی لە کونجێکی ئەم دونیایە سەر بەرز دەکاتەوە !

2005-03-14

ڤانکۆڤەر